www.regayrasty.com

سورة الزخرف – سورەتی 43 – ژمارەی ئایەتەکانی 89

بسم الله الرحمن الرحيم

(بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان)

1. حم : چەند پیتێک لە سەرەتای هەندێ لە سوورەتەکانی قورئاندا هاتوون ژمارەیان (14) پیتە ، نیوەی کۆی پیتەکانی زمانی عەرەبین ، بۆ سەلماندنی (اعجاز) و مەزنی و گرنگی قورئان کە لە توانای هیچ کەسدانیە بەو پیتانە کتێبێکی ئاوا بێوێنە دابنێت بەرادەیەک هەتا هەموو گرۆی ئادەمیزاد و پەری کۆ ببنەوە بۆ ئەو مەبەستە ، بێگومان چەندەها نهێنی تریشی تیایە ، زاناکان لە هەندێکی دواون ، هەندێکیشیان وتویانە : هەر خوا خۆی زانایە بە نهێنی ئەو پیتانە .
2. وَالْكِتَابِ الْمُبِينِ : سوێند بەم پەیامە روون و ئاشکرایە ، مەبەست قورئانە .
3. إِنَّا جَعَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ : ئێمە ئەو کتێبەمان کردووە بە قورئانێک ، بە زمانی عەرەبی ، بەڵکو ژیری و بیروهۆشتان بخەنە کار (تا لێی تێبگەن و پەیرەوی بکەن) .
4. وَإِنَّهُ فِي أُمِّ الْكِتَابِ لَدَيْنَا لَعَلِيٌّ حَكِيمٌ : ئەم قورئانە لە ـ لوح المحفوظ ـ دا (کە سەرچاوەی قورئان و کتێبەکانی تری خوایە) پارێزراوە کە زۆر بەرزو بەرێزە لامان و پڕە لە دانایی .
5. أَفَنَضْرِبُ عَنكُمُ الذِّكْرَ صَفْحًا أَن كُنتُمْ قَوْمًا مُّسْرِفِينَ : باشە ، ئایا دەکرێت ئێمە وازتان لێ بهێنین و هوشیارتان نەکەینەوە بەم قورئانە لەبەر ئەوەی ئێوە هۆزێکی زیادەڕە و لارو وێرن (نەخێر شتی وا لە ئێمە ناوەشێتەوە) .
6. وَكَمْ أَرْسَلْنَا مِن نَّبِيٍّ فِي الْأَوَّلِينَ : ئێمە چەندەها پێغەمبەرمان ناردووە بۆ نەوەکانی رابووردوو تا سەرگەردان نبن .
7. وَمَا يَأْتِيهِم مِّن نَّبِيٍّ إِلَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِؤُون : بێگومان هیچ پێغەمبەرێکیان بۆ نەهاتووە کە ئەوان گاڵتەیان پێ نەکردبێت .
8. فَأَهْلَكْنَا أَشَدَّ مِنْهُم بَطْشًا وَمَضَى مَثَلُ الْأَوَّلِينَ : کەواتە ئەبێ ئەم بێ بڕوایانە چاوەڕێی چی بکەن لە کاتێکدا ئێمە دڕندەتر و بە هەڵمەتترمان لەوان لەناو بردووە ، ئیتر بەسەرهات و رووداوی پێشینان بەسەرچووە و تێپەڕ بووە .

9. وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ خَلَقَهُنَّ الْعَزِيزُ الْعَلِيمُ : خۆ ئەگەر
پرسیاریان لێ بکەیت : کێ ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە ؟ لە وەڵامدا
بەدڵنیاییەوە دەڵێن : هەر زاتی باڵادەست و زانا دروستی کردوون .
10. الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ مَهْدًا وَجَعَلَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلًا لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ : ئەو خوایەی
کە زەوی کردووە بە لانکەی ژیانتان ، ڕێگەوبانی تیایدا بۆ ئاسان کردوون ، بۆ
ئەوەی بگەنە مەبەست و ژیانتان ئاسان و ئاسوودە بکەن .
11. وَالَّذِي نَزَّلَ مِنَ السَّمَاء مَاء بِقَدَرٍ فَأَنشَرْنَا بِهِ بَلْدَةً مَّيْتًا كَذَلِكَ تُخْرَجُونَ : هەروەها
ئەو خوایە لە ئاسمانەوە بە ئەندازەیەکی دیاریی کراو بارانی باراندووە و
دەفەرموێت ، وڵاتی وشک و مردوومان پێ زیندوو کردۆتەوە ، هەر بەو شێوەیە
ئێوەش لە گۆڕەکانتان دەهێنرێنە دەرەوە .
12. وَالَّذِي خَلَقَ الْأَزْوَاجَ كُلَّهَا وَجَعَلَ لَكُم مِّنَ الْفُلْكِ وَالْأَنْعَامِ مَا تَرْكَبُونَ : هەر ئەو زاتە
هەموو جووتەکانی (لە جیهانی ئادەمیزاد و زیندەوەران و ڕووەک و بێ گیانەکاندا)
دروست کردووە ، هەروەها کەشتی و جۆرەکانی ئاژەڵی بۆ رام هێناون ، کە بۆ
سواریی سوودی لێ وەربگرن .
13. لِتَسْتَوُوا عَلَى ظُهُورِهِ ثُمَّ تَذْكُرُوا نِعْمَةَ رَبِّكُمْ إِذَا اسْتَوَيْتُمْ عَلَيْهِ وَتَقُولُوا سُبْحانَ الَّذِي
سَخَّرَ لَنَا هَذَا وَمَا كُنَّا لَهُ مُقْرِنِينَ : بۆ ئەوەی لەسەر پشتیان جێگیر ببن ، دوایش یادی
نازو نیعمەتی پەروەردگارتان بکەنەوە کاتێک کە سەقامگیر دەبن لەسەری ، (
چونکە جۆرەها هۆکاری هاتووچۆی بۆ سازاندوون) و بڵێن : ستایش و بەرزی و
بێگەردی بۆ ئەو زاتەی کە ئەمەی بۆ ڕەخساندوین (خۆ ئەگەر ئەو بەمیهرەبانی
خۆی بوی رام نەکردینایە) ئێمە نەماندەتوانی رامیان بهێنین .
14. وَإِنَّا إِلَى رَبِّنَا لَمُنقَلِبُونَ : ئێمە بێگومان هەر بۆ لای پەروەردگارمان دەگەڕێینەوە

. پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەر جارێک سواری وڵاخەکەی ببوایە سێ جار
(الله اكبر) ی دەفەرموو ، دوایی دەیفەرموو : سبحان الذی سخر لنا هذا وما كنا له
مقرنين وانا الى ربنا لمنقلبون) .
15. وَجَعَلُوا لَهُ مِنْ عِبَادِهِ جُزْءًا إِنَّ الْإِنسَانَ لَكَفُورٌ مُّبِينٌ : باوەڕ چەوتەکان ، هەندێ لە
بەندەکانی خوا ، ، بە خوا دەزانن (مەسیحیەکان دەڵێن : عیسا کوڕی خوایە ، جوو
دەڵێت : عوزەیر ، بتپەرستەکان دەڵێن : فریشتەکان کچی خوان) !! بەڕاستی
زۆربەی خەڵکی قەدری خوا نازانن و بێ باوەڕێکی زۆر ئاشکران .
16. أَمِ اتَّخَذَ مِمَّا يَخْلُقُ بَنَاتٍ وَأَصْفَاكُم بِالْبَنِينَ : ئایا ڕەواو راستە ، لەوەی کە
دروستی دەکات کچان بۆ خۆی بڕیار بدات و بەخشینی کوڕانیش بەرەوا بزانێت بۆ

ئێوە ؟! (ئەمانە مژدە بدرێت بە یەکێکیان بەوەی کە خوای میهرەبان بە رەوای
زانیووە (مەبەست ئەوەیە کە کچان بووە) ، ئەوە رووخساری رەش هەڵدەگەڕێت و
لە دەروونداً پیش دەخواتەوە .
17. وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِمَا ضَرَبَ لِلرَّحْمَنِ مَثَلًا ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ : کاتێکیش
مژدە بدرێت بە یەکێکیان بەوەی کە خوای میهرەبان بە رەوای زانیووە (مەبەست
ئەوەیە کە کچیان بووە) ، ئەوە رووخساری رەش هەڵدەگرێت و لە دەروونداً پیش
دەخواتەوە .
18. أَوَمَن يُنَشَّأُ فِي الْحِلْيَةِ وَهُوَ فِي الْخِصَامِ غَيْرُ مُبِينٍ : ئایا کەسێک بەمنداڵی خوا
ڕەوا دەبینن ، (کە لەباوی ئەواندا) هەردەم پەروەردە دەکرێت لەناو خشڵ و ئارایش
کردنی خۆیداو لە شەڕو شۆڕو جەنگیشدا دەرناکەوێت ؟!
19. وَجَعَلُوا الْمَلَائِكَةَ الَّذِينَ هُمْ عِبَادُ الرَّحْمَنِ إِنَاثًا أَشَهِدُوا خَلْقَهُمْ سَتُكْتَبُ شَهَادَتُهُمْ
وَيُسْأَلُونَ : ئەو خوانەناسانە فریشتەکان کە بەندەی خوای میهرەبانن ، بەکچی
خوایان دەدایە قەڵەم !! ئایا ئەوان ئامادەی دروستکردنیان بوون ؟! لەئاییندەدا ئەم
بوختانەیان لەسەر دەنوسرێت و پرسیاریشیان لێ دەکرێت .
20. وَقَالُوا لَوْ شَاء الرَّحْمَنُ مَا عَبَدْنَاهُم مَّا لَهُم بِذَلِكَ مِنْ عِلْمٍ إِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ : (بۆ
پینە کردنی هەڵوێستی نارەوایان) دەیانوت : ئەگەر خوای میهرەبان بیویستایە ....
ئێمە ئەمانەمان نەدەپەرست ، وە نەبێت لەسەر بنچینەی هیچ زانستی و زانیاریەک
ئەو قسەیە بکەن ، ئەمانە تەنها درۆ نەبێت هیچی تر نالێن .
21. أَمْ آتَيْنَاهُمْ كِتَابًا مِّن قَبْلِهِ فَهُم بِهِ مُسْتَمْسِكُونَ : ئایا ئەو خوانەناسانە پێش ئەم
قورئانە کتێبێکی ترمان بۆ ناردوون ؟ تا پابەندی بن و پەیڕەوی بکەن ؟
22. بَلْ قَالُوا إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءنَا عَلَى أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَى آثَارِهِم مُّهْتَدُونَ : ئەوانە هیچی وا نیە ،
بەڵکو هەر تەنها ئەوەیە کە دەیانوت : بەراستی ئێمە باوو باپیرانی خۆمان لەسەر
ئاین و بەرنامەیەکی ئاوا دیووە ، بێگومان ئێمەش بەشوێن رێبازی ئەواندا هەنگاو
هەڵدەگرین و رێنمییمان وەرگرتووە !!
23. وَكَذَلِكَ مَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ فِي قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَا إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءنَا عَلَى
أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَى آثَارِهِم مُّقْتَدُونَ : هەر بەو شێوەیە هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە بۆ
هیچ شارێک ، کە خۆشگوزەرانەکان نەیانوتبێت : ئێمە باوو باپیرانی خۆمان
بینیووە پابەندی بیروباوەڕێک بوون ، بێگومان ئێمەش چاو لەوان دەکەین و
پەیڕەوی ئەوان دەکەین .
24. قَالَ أَوَلَوْ جِئْتُكُم بِأَهْدَى مِمَّا وَجَدتُّمْ عَلَيْهِ آبَاءكُمْ قَالُوا إِنَّا بِمَا أُرْسِلْتُم بِهِ كَافِرُونَ :

پێغەمبەرەکەش وتوویەتی : باشە ....ئەگەر لە ڕێگە و ڕێبازو بەرنامەی باو باپیرانتان چاکتریشم بۆ هێنان هەر شوێنیان دەکەون ؟! لە وەڵامدا وتیان : بەڕاستی ئێمە بەو بەرنامە و پەیامەی کە بە ئێوەدا ڕەوانە کراوە بڕوا ناکەین .
25. فَانتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ : جا ئێمەش تۆڵەمان لێسەندن ، سەرنج بدە و ببینە سەرەنجامی ئەوانەی بڕوایان بە پەیامی پێغەمبەران نەکرد چۆن بوو .
26. وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِ إِنَّنِي بَرَاء مِّمَّا تَعْبُدُونَ : ئەو کاتە بهێنەوە یاد کە ئیبراهیم بە باوکی و هۆزەکەی خۆت ووت : بەڕاستی من دووره پەرێزم لەو شتانەی کە ئێوە دەیپەرستن .....
27. إِلَّا الَّذِي فَطَرَنِي فَإِنَّهُ سَيَهْدِينِ : جگە لەو زاتەی کە دروستی کردووم ، هەر ئەویش ڕێنموویم دەکات و دەمخاتە سەر ڕێگەی ڕاست و دروست .
28. وَجَعَلَهَا كَلِمَةً بَاقِيَةً فِي عَقِبِهِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ : ئەوسا ئیتر ئەو بەرنامەی یەکخواناسیەی هێشتەوە بۆ هۆزو گەلانی دوای خۆی ، بۆ ئەوەی ئەوانیش بگەڕێنەوە بۆ سەر ئەو بیروباوەرە ڕاستە .
29. بَلْ مَتَّعْتُ هَؤُلَاء وَآبَاءهُمْ حَتَّى جَاءهُمُ الْحَقُّ وَرَسُولٌ مُّبِينٌ : خوا دەفەرموێت : جا من ئەوانە و باو باپیرانیانم لە خۆشگوزەرانیدا هێشتەوە تا ئەو کاتەی قورئان و پێغەمبەرێکی ئاشکرایان بۆ هات (تا پەیامی خوایان بۆ ڕوون بکاتەوە) .
30. وَلَمَّا جَاءهُمُ الْحَقُّ قَالُوا هَذَا سِحْرٌ وَإِنَّا بِهِ كَافِرُونَ : کاتێکیش کە حەق و ڕاستیان پێگەیشت ...وتیان : ئەمە سیحرو جادووە و بێگومان ئێمە بێ باوەڕین پێی ....
31. وَقَالُوا لَوْلَا نُزِّلَ هَذَا الْقُرْآنُ عَلَى رَجُلٍ مِّنَ الْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ : هەروەها بیانوویان گرت و وتیان : ئەوە بۆ ئەم قورئانە دانەبەزێنرا بۆ سەر پیاوێکی گەورە لە پیاوە گەورەکانی دوو شارەکە ؟! (مەبەستیان مەککە و طائف بووە) .
32. أَهُمْ يَقْسِمُونَ رَحْمَةَ رَبِّكَ نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُم مَّعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِيَتَّخِذَ بَعْضُهُم بَعْضًا سُخْرِيًّا وَرَحْمَتُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ : ئایا ئەوانە ڕەحمەتی پەروەردگاری تۆ دابەش دەکەن ؟! (کەسانی شایستە دەدۆزنەوە بۆ پێغەمبەرایەتی ؟!) لە کاتێکدا ئێمەین کە ڕزق و ڕۆزیمان لە نێوانیاندا دابەش کردووە لە ژیانی دنیادا و پلەو پایەی هەندێکمان بەرزکردۆتەوە بەسەر هەندێکیاندا ، بۆ ئەوەی هەمووان کاروباری یەکتر تەواوبکەن و کەڵک لە توانایی ولێهاتوویی یەکتر وەربگرن ، جا لەگەڵ ئەو هەموو بەهرە و بەخششانەدا ڕەحمەت و میهرەبانی پەروەردگاری تۆ (کە تایبەتی ئیماندارانە لە قیامەتدا) لە هەموو ئەو شتانەی کە

خەڵکی کۆی دەکەنەوە (لەماڵ و سامان و هۆکارەکانی رابواردن) چاکترو بەنرخترە

.

33. وَلَوْلَا أَن يَكُونَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً لَجَعَلْنَا لِمَن يَكْفُرُ بِالرَّحْمَنِ لِبُيُوتِهِمْ سُقُفًا مِّن فَضَّةٍ وَمَعَارِجَ عَلَيْهَا يَظْهَرُونَ : ئەگەر لەبەرئەوە نەبوایە خەڵکی هەموو دەبوون بە یەکپارچە (لە بێ باوەڕی و تاوانکاریدا) ، ئەوە هەر کەس باوەڕی بەخوای میهرەبان نەبوایە سەقفی خانووەکەیمان لە زیو بۆ درست دەکرد ، هەروەها قادرمە و ئاسانسوارمان بۆ دەکردن تا بەسەریدا سەربکەون و دەربکەون .....

34. وَلِبُيُوتِهِمْ أَبْوَابًا وَسُرُرًا عَلَيْهَا يَتَّكِؤُونَ : هەروەها بۆ ماڵەکانیان قاپی و دەروازەی زیو و کورسی و قەنەفەی رازاوەشمان پێدەبەخشین تا پاڵ بدەنەوە و شانی لەسەر دادەن ....

35. وَزُخْرُفًا وَإِن كُلُّ ذَلِكَ لَمَّا مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَالْآخِرَةُ عِندَ رَبِّكَ لِلْمُتَّقِينَ : بەهەموو جۆرە نەخش و نیگارێکی جوان و رازاوە (دارو دیوارو سەقف ودەرگا و کەلوپەلی ناو ماڵەکانیانمان دەڕازاندەوە) ، جا ئەوە هەر هەمووی خۆشگوزەرانی ژیانی دنیا نەبێت هیچی تر نییە ، لە کاتێکدا کە ژیانی پڕ لە خۆشی و بەختەوەری بەبڕاوە لای پەروەردگارت بۆ خواناسان و دووره پەرێزانە لە گوناه .

36. وَمَن يَعْشُ عَن ذِكْرِ الرَّحْمَنِ نُقَيِّضْ لَهُ شَيْطَانًا فَهُوَ لَهُ قَرِينٌ : کەسێک خۆی کوێر بکات لە ئاستی قورئان و یادی خوای میهرەبان ، ئەوە ئێمە شەیتانێک دەکەینە ملۆزمی وهەمیشە دەبێتە یار و یاوەری و لەگەڵیدا دەبێت .

37. وَإِنَّهُمْ لَيَصُدُّونَهُمْ عَنِ السَّبِيلِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ : بێگومان ئەو شەیتانانە ، رێگەی راستیان لێ دەگرن و وایان لێدەکەن کە وابزانن بە دڵنیایی لەسەر رێبازێکی چاک و راستن .

38. حَتَّى إِذَا جَاءنَا قَالَ يَا لَيْتَ بَيْنِي وَبَيْنَكَ بُعْدَ الْمَشْرِقَيْنِ فَبِئْسَ الْقَرِينُ : تا ئەو کاتەی خەڵەتاوەکە دێتە لامان (لە قیامەتدا خۆی و شەیتانەکەی ئامادە دەکرێن بۆ لێپرسینەوە) ئەوە بە شەیتانەکەی دەڵێت : خۆزگە نێوانی من و تۆ بە قەدەر رۆژهەڵات و رۆژئاوا لەیەک دوور بوایە ، ئای کە هاورێیەکی نالەبارو خراپ بوویت

.

39. وَلَن يَنفَعَكُمُ الْيَوْمَ إِذ ظَّلَمْتُمْ أَنَّكُمْ فِي الْعَذَابِ مُشْتَرِكُونَ :ئەمرۆ ئەو قسە و گلەیی و بناشتانە هەرگیز سوودتان پێ ناگەیەنن ، (چونکە) کاتی خۆی ئێوە ستەمتان لە خۆتان و خەڵکیش کردووە ، ئێستە بێگومان هەردوولاتان لە سزاو ئازاردا بەشدارن

.

40. أَفَأَنتَ تُسْمِعُ الصُّمَّ أَوْ تَهْدِي الْعُمْيَ وَمَن كَانَ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ : ئايا تۆ ئەی
پێغەمبەر ئەو بێ باوەڕەی کە وەک کەڕ وایە گوێبیست دەکەیت ؟ یان ئەوەی کوێرە
هیدایەتی دەدەیت ؟! یاخود ئەو کەسەی لە گومڕایی ئاشکرادا ڕۆچووە ڕێنموویی
دەکەیت ؟! (دیارە ئەوە حاڵیان بێت هیدایەتیان ئاسان نیە) .
41. فَإِمَّا نَذْهَبَنَّ بِكَ فَإِنَّا مِنْهُم مُّنتَقِمُونَ : جا ئەگەر تۆ لەناو بەرین و بتمرێنین ،
ئەوە ئێمە بێگومان تۆڵەیان هەر لێدەسێنین .
42. أَوْ نُرِيَنَّكَ الَّذِي وَعَدْنَاهُمْ فَإِنَّا عَلَيْهِم مُّقْتَدِرُونَ : یاخود ئەنجامی ئەوهەڕەشەیەی
لێمان کردوون نیشانی تۆی دەدەین ، چونکە بێگومان ئێمە توانامان بەسەریاندا
هەیە .
43. فَاسْتَمْسِكْ بِالَّذِي أُوحِيَ إِلَيْكَ إِنَّكَ عَلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ : کەواتە تۆبێ خەم بەو
پابەندی ئەوەبە کە نیگات بۆ کراوە ، چونکە تۆ بەڕاستی لەسەر ڕێگە و ڕێباز و
بەرنامەیەکی ڕاست و دروستیت (لە لایەن پەروەردگارتەوە ئاراستە دەکرێیت) .
44. وَإِنَّهُ لَذِكْرٌ لَّكَ وَلِقَوْمِكَ وَسَوْفَ تُسْأَلُونَ : بەڕاستی ئەم قورئانە یادخەرەوەیە بۆ
خۆت و بۆ قەومەکەت ، لە ئایندەشدا پرسیاتان لێدەکرێت دەربارەی .
45. وَاسْأَلْ مَنْ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رُّسُلِنَا أَجَعَلْنَا مِن دُونِ الرَّحْمَنِ آلِهَةً يُعْبَدُونَ : تۆ
لەو پێغەمبەرانەی کە ناردوومانە پێش تۆ بپرسە ، ئایا جگە لە خوای میهرەبان
خوای ترمان دیاری کردووە کە بەندایەتی بۆ بکرێت . (مەبەست ئەوەیە کە
سەرچاوەی هەموو پێغەمبەران یەکێکە) .
46. وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَى بِآيَاتِنَا إِلَى فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِ فَقَالَ إِنِّي رَسُولُ رَبِّ الْعَالَمِينَ : سوێند
بە خوا بێگومان ئێمە موسا پێغەمبەرێکمان نارد بە بەڵگە و نیشانەکانمانەوە بۆ
لای فیرعەون و دارو دەستەی ، پێی ڕاگەیاندن کە : بەڕاستی من ڕەوانەکراوی
پەروەردگاری هەموو جیهانیانم .
47. فَلَمَّا جَاءهُم بِآيَاتِنَا إِذَا هُم مِّنْهَا يَضْحَكُونَ : کەچی کە هاتە لایان بە بەڵگە و
موعجیزەکانمانەوە ، سەریان سوڕماو گاڵتە و پێکەنینیان بە موعجیزەکانی دەهات
.
48. وَمَا نُرِيهِم مِّنْ آيَةٍ إِلَّا هِيَ أَكْبَرُ مِنْ أُخْتِهَا وَأَخَذْنَاهُم بِالْعَذَابِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ : هیچ
معجزەیەکمان نیشان نەداون ، کە لەوی تر گەورەتر نەبووبێت ، (جا کەباوەڕیان
نەهێناوە) گرفتاری تاڵی و ناخۆشی و سزامان کردن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە و بەخۆدا
بچنەوە .
49. وَقَالُوا يَا أَيُّهَا السَّاحِرُ ادْعُ لَنَا رَبَّكَ بِمَا عَهِدَ عِندَكَ إِنَّنَا لَمُهْتَدُونَ : کەچی بە

موسايان وت : ئەی جادووگەر !! لە پەروەردگارت داوا بكە بۆمان ، بەو پەيمانەی
بەتۆی داوە بابەڵاو ناخۆشيمان لەسەر هەڵبگرێت بێگومان ئێمە لە هيدايەت دراوان
دەبين !!
50. فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُمُ الْعَذَابَ إِذَا هُمْ يَنكُثُونَ : جا هەر كە بەڵاو ناخۆشيمان لەسەر
لابردن خێرا بەڵێن و پەيمانەكەيان هەڵدەوەشاند .
51. وَنَادَى فِرْعَوْنُ فِي قَوْمِهِ قَالَ يَا قَوْمِ أَلَيْسَ لِي مُلْكُ مِصْرَ وَهَذِهِ الْأَنْهَارُ تَجْرِي مِن
تَحْتِي أَفَلَا تُبْصِرُونَ : فيرعەون جاڕيدا بەناو قەوم و گەلەكەيدا وتی : ئەی قەوم و گەلم
، من پاشای ميصرم و فەرمانڕەوای ئەم وڵاتەم ، ئەم رووبارانەش بەبەر
كۆشكەكانماندا دەڕوات ، ئايا ئەم دەسەڵاتەی من نابينن ؟!
52. أَمْ أَنَا خَيْرٌ مِّنْ هَذَا الَّذِي هُوَ مَهِينٌ وَلَا يَكَادُ يُبِينُ : بەڵكو نابينن من چاكترم لەو
كەسەی ناوبانگی نييەو كەسايەتيێكی لاوازو نەناسراوە و زمان پاراو نييە و لەوانە
نييە بتوانێت چاك خەڵكی تێبگەيەنێت ؟!
53. فَلَوْلَا أُلْقِيَ عَلَيْهِ أَسْوِرَةٌ مِّن ذَهَبٍ أَوْ جَاءَ مَعَهُ الْمَلَائِكَةُ مُقْتَرِنِينَ : جا ئەوە بۆچی
بازنی ئاڵتونی و زێری پێشكەش ناكرێت (تانيشانە بێت بۆ پايەداری ؟!) يان ئەوە
بۆ فريشتە لەگەڵيدا نەهاتن بۆ بانگەواز كردن و پشتيوانی لێكردنی ؟!
54. فَاسْتَخَفَّ قَوْمَهُ فَأَطَاعُوهُ إِنَّهُمْ كَانُوا قَوْمًا فَاسِقِينَ : فيرعەون هيچ نرخی دانەنا بۆ
قەوم و گەلەكەی ، بە سووكی دەكردن ، ئەوانيش ملكەچ و فەرمانبەرداری بوون ،
بەراستی ئەوانە قەومێكی فاسق و تاوانبار و گوناهكار بوون .
55. فَلَمَّا آسَفُونَا انتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَأَغْرَقْنَاهُمْ أَجْمَعِينَ : خوا فەرمووی : جا كاتێک ئێمەيان
تووڕە كردو رقی ئێمەيان هەستان ، ئێمەش تۆڵەمان لێسەندن ، هەر هەموويانمان
لە دەريادا خنكاندو نوقم كرد .....
56. فَجَعَلْنَاهُمْ سَلَفًا وَمَثَلًا لِّلْآخِرِينَ : جا كردمانن بە پێشەنگی تياچووەكان و پەند و
عيبرەت بۆ خەڵكی تری دوای ئەوان .
57. وَلَمَّا ضُرِبَ ابْنُ مَرْيَمَ مَثَلًا إِذَا قَوْمُكَ مِنْهُ يَصِدُّونَ : كاتێكيش باسی كوڕەكەی
مەريەم ـ عيسا ـ بەنموونە هێنرابێتەوە ، دەستبەجێ قەوم و هۆزەكەی تۆ
ملەجەڕێيان كردووە و سەريان داوە و تەسليمی حەق نەبوون (بەباسكردنی سەغڵەت
بوون) .....
58. وَقَالُوا أَآلِهَتُنَا خَيْرٌ أَمْ هُوَ مَا ضَرَبُوهُ لَكَ إِلَّا جَدَلًا بَلْ هُمْ قَوْمٌ خَصِمُونَ : وتوويانە
ئايا پەرستراوەكانی ئێمە شايانی پەرستنن يان ئەو ؟! واتە ـ عيسا ـ ، ئەو
نموونانەيان بۆ تۆ نەدەهێنايەوە ، تەنها بۆ موجادەلە نەبێت ، (وەنەبێت بەشوێن

حەق و راستیدا بگەڕێن) ، بەڵکو ئەوانە کەسانێکن هەمیشە حەز بە دوژمنایەتی و ئاژاوە و ململانێی بێ سەروبن دەکەن .

59. إِنْ هُوَ إِلَّا عَبْدٌ أَنْعَمْنَا عَلَيْهِ وَجَعَلْنَاهُ مَثَلًا لِّبَنِي إِسْرَائِيلَ : ئەو عیسایە تەنها بەندەیەکی ئێمە بوو کە نازو نیعمەتی پێغەمبەرایەتیمان پێبەخشی و کردمانە نموونەیەکی چاک بۆ نەوەی ئیسرائیل تا شوێنی بکەون .

60. وَلَوْ نَشَاء لَجَعَلْنَا مِنكُم مَّلَائِكَةً فِي الْأَرْضِ يَخْلُفُونَ : ئەگەر بمانویستایە ئێوەمان دەکردە فریشتە و لە زەویدا نیشتەجێمان دەکردن و هەموو فەرمانبەردار دەبوون .

61. وَإِنَّهُ لَعِلْمٌ لِّلسَّاعَةِ فَلَا تَمْتَرُنَّ بِهَا وَاتَّبِعُونِ هَذَا صِرَاطٌ مُّسْتَقِيمٌ : بەراستی لە دایکبوونی عیسا ، بەبێ باوک ، بەڵگەیە لەسەر قیامەت ، کەواتە بەگومان مەبن لێی و باوەڕی پێبهێنن و پێیان بڵێ : هەر پەیڕەوی لە زاتی من بکەن ، هەر ئەوەشە ڕێگەی راست و دروست .

62. وَلَا يَصُدَّنَّكُمُ الشَّيْطَانُ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ : خەڵکینە هەوڵ بدەن با شەیتان ڕێتان پێ نەگرێت و لە ڕێی راست لاتان نەدات چونکە بێگومان ئەو دوژمنێکی ئاشکراتانە .

63. وَلَمَّا جَاء عِيسَى بِالْبَيِّنَاتِ قَالَ قَدْ جِئْتُكُم بِالْحِكْمَةِ وَلِأُبَيِّنَ لَكُم بَعْضَ الَّذِي تَخْتَلِفُونَ فِيهِ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ : کاتێک عیسا بە موعجیزەی ئاشکراوە رەوانەکرا بۆ نەوەی ئیسرائیل وتی : بەراستی من حیکمەت و داناییم بۆ هێناون ، هەروەها زانیاری ئەوەشم پێیە کە ئەو شتانەتان بۆ روون بکەمەوە کە کێشەتان لەسەری هەیە و راو بۆچوونتان لەسەری جیاوازە ، جا ئێوە لە خوا بترسن و گوێڕایەڵی من بکەن .

64. إِنَّ اللَّهَ هُوَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ فَاعْبُدُوهُ هَذَا صِرَاطٌ مُّسْتَقِيمٌ : بەراستی خوای پەروەردگاری منیش و ئێوەشە ، تەنها ئەو بپەرستن ، هەر ئەمەشە ڕێگە و ڕێبازی راست و دروست .

65. فَاخْتَلَفَ الْأَحْزَابُ مِن بَيْنِهِمْ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْ عَذَابِ يَوْمٍ أَلِيمٍ : پاشان دەستە و گرۆهەکان جیاوازی کەوتە نێوانیان لەسەر عیسا خۆی ، وەیل و قوڕبەسەری بۆ ئەوانەی کە ستەمیان کردووە و ستەم دەکەن ، لە سزاو ئازاری رۆژێکی پڕ ئێش .

66. هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا السَّاعَةَ أَن تَأْتِيَهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ : ئایا ئەوانە جگەلە هاتنی قیامەت چاوەڕوانی چی تر دەکەن ، لە کاتێکدا ئەوان هەستی پێناکەن .

67. الْأَخِلَّاء يَوْمَئِذٍ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا الْمُتَّقِينَ : دۆستان و برادەران هەر هەموو لەو رۆژەدا دوژمنی یەکترن ، هەموو رقیان لە یەک دەبێتەوە ، جگە لەو کەسانەی کە لە سەر بنچینەی تەقواو خواناسین کۆ بوونەتەوە و برایەتییان بەرپا کردووە .

68. يَا عِبَادِ لَا خَوْفٌ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ وَلَا أَنتُمْ تَحْزَنُونَ : خوای گەورە پێیان دەفەرموێت :

ئەی بەندەکانم ئەمڕۆ ئیتر ئێوە هیچ ترس و بیمێکتان نابێت وهیچ غەم و پەژارەیەک رووتان تێ ناکات .....

69. الَّذِينَ آمَنُوا بِآيَاتِنَا وَكَانُوا مُسْلِمِينَ : ئەو بەختەوەرانە ئەو کەسانەن کە کاتی خۆی باوەڕیان هێناوە بە ئایەتەکانی ئێمە و نیشانەکانی دەسەڵاتداریمان لە بوونەوەردا و ئیماندارو موسوڵمانیش بوون .

70. ادْخُلُوا الْجَنَّةَ أَنتُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ تُحْبَرُونَ : پێیان دەوترێت : فەرموون بچنە بەهەشتەوە خۆتان و هاوسەرەرانتان ، خۆتان و ئەوانەی وەک ئێوە خواناس بوون و لەوێ ژیانی کامەرانی و شادی و بەختەوەریتان پێ دەدرێت .

71. يُطَافُ عَلَيْهِم بِصِحَافٍ مِّن ذَهَبٍ وَأَكْوَابٍ وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ الْأَنفُسُ وَتَلَذُّ الْأَعْيُنُ وَأَنتُمْ فِيهَا خَالِدُونَ : لەسەر سینی وکوپی ئاڵتون جۆرەها خواردن و خواردنەوەی خوان و رازاوە و تام خۆش و بۆن خۆشیان بەسەردا دەگێڕن و لەو بەهەشتەدا هەرچی نەفس حەزی لێ بکات و دڵ بیخوازێت و چاو حەز بەدیتنی بکات ئامادەیە و ئێوە ، ئەی خواناس و پاکان ، ژیانی هەمیشەیی و نەبڕاوەشی تیادا دەبەنە سەر .

72. وَتِلْكَ الْجَنَّةُ الَّتِي أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ : (خوای میهرەبان ئەوەندەی تر دڵخۆشیان دەکات ، کاتێک پێیان دەفەرموێت) : ئا ئەو بەهەشتەی کە ئێستا ئێوە بوونەتە خاوەنی ، وەک میراتیی شایستەی خۆتانە ، بەهۆی ئەو کار و کردەوانەی کە دەتانکرد .

73. لَكُمْ فِيهَا فَاكِهَةٌ كَثِيرَةٌ مِّنْهَا تَأْكُلُونَ : میوەهاتی زۆر و هەمەجۆر تیایدا بۆتان ئامادەیە و لێی دەخۆن (هەرگیز تەواو نابێت و کەم ناکات) .

74. إِنَّ الْمُجْرِمِينَ فِي عَذَابِ جَهَنَّمَ خَالِدُونَ : بەراستی تاوانباران و تاوانکاران لەناو ئازار و سزای دۆزەخدا بەهەمیشەیی دەمێننەوە .

75. لَا يُفَتَّرُ عَنْهُمْ وَهُمْ فِيهِ مُبْلِسُونَ : ئازارو سزا لە سەریان کەم ناکرێتەوە ، لە کاتێکدا هەموشیان تیایدا نائومێد و بێ هیوان .

76. وَمَا ظَلَمْنَاهُمْ وَلَكِن كَانُوا هُمُ الظَّالِمِينَ : جا وەنەبێت ئێمە ستەممان لێکردبن بەڵکو هەر خۆیان ستەمکارن .

77. وَنَادَوْا يَا مَالِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ قَالَ إِنَّكُم مَّاكِثُونَ : دۆزەخیەکان هاوار دەکەن ، ئەی مالک (کە فریشتەی سەرپەرشتیارە) : دەبا پەروەردگارت بمانکوژێت ، دەبا بمرین و کۆتایی بەم سەغڵەتیەمان بێت ، لە وەڵامیاندا دەڵێت : بەراستی ئەوە جێتانە و تیایدا بۆ هەمیشە دەبێت بمێننەوە (ئا بەو شێوەیە قورئان باسی بەختەوەران و باسی بەدبەخت و ناپوختەکان دەخاتە بەرچاو ، ئەوسا دێتەوە بۆ

دنیا و دەیەوێت پێش ئەوەی ئەو ڕۆژە بەرپا ببێت خەڵکی فریای خۆیان بکەون) .

78. لَقَدْ جِئْنَاكُم بِالْحَقِّ وَلَكِنَّ أَكْثَرَكُمْ لِلْحَقِّ كَارِهُونَ : سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە پەیامی حەق و ڕاستیمان بۆ ئێوە ڕەوانە کردون کەچی زۆربەتان حەزتان لە حەق و ڕاستی نیە و لێی بێزارن .

79. أَمْ أَبْرَمُوا أَمْرًا فَإِنَّا مُبْرِمُونَ : ئەوانە هەرکاتێک بڕیارێک بدەن و پیلانێک بگێرن دژی موسوڵمانان ، ئەوە بێگومان ئێمە پیلانەکە بەسەریاندا دەشکێنینەوە و بە زەرەری خۆیان تەواوی دەکەین .

80. أَمْ يَحْسَبُونَ أَنَّا لَا نَسْمَعُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَاهُم بَلَى وَرُسُلُنَا لَدَيْهِمْ يَكْتُبُونَ : ئایا ئەوانە وادەزانن کە ئێمە لە نهێنی و چپەیان بێئاگاین و نابیستین ؟! نەخێر وانییە ، ئێمە زۆر ئاگادارین و فریشتە چاودێرەکانیشمان کە هەمیشە لە نزیکیانەوەن ، وردو درشتی گوفتارو کرداریان تۆمار دەکەن .

81. قُلْ إِن كَانَ لِلرَّحْمَنِ وَلَدٌ فَأَنَا أَوَّلُ الْعَابِدِينَ : ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بەو خوانەناسانە بڵێ : ئەگەر خوای میهرەبان کوڕی ببوایە من یەکەم کەس دەبووم لەو کەسانە کە ملکەچ دەبووم !!

82. سُبْحَانَ رَبِّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبِّ الْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ : پاکی و بێگەردی بۆ پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی ، بۆ پەروەردگاری عەرش و تەختی فەرمانڕەوایەتی ، دەربارەی ئەو گوفتارە ناقۆڵاو بێ سەرو بنانەی کە نەفامان بۆ پەروەردگار هەڵی دەبەستن .

83. فَذَرْهُمْ يَخُوضُوا وَيَلْعَبُوا حَتَّى يُلَاقُوا يَوْمَهُمُ الَّذِي يُوعَدُونَ : جارێ وازیان لێ بهێنە ، با هەر ڕۆبچن لەقسەی هەلەق و مەلەقدا و با هەر گەمە و یاری بکەن ، هەتا دەگەنە ئەو ڕۆژەی هەڕەشەیان لێکراوە دەربارەی .

84. وَهُوَ الَّذِي فِي السَّمَاءِ إِلَهٌ وَفِي الْأَرْضِ إِلَهٌ وَهُوَ الْحَكِيمُ الْعَلِيمُ : خوا ئەو زاتەیە کە هەر ئەو خوای ئاسمانە و هەر ئەو خوای زەویشە و هەر ئەوە کە دانا و زانایە .

85. وَتَبَارَكَ الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَعِندَهُ عِلْمُ السَّاعَةِ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ :ئەو زاتەی کە خاوەنی ئاسمانەکان و زەوی و نێوانیانە زۆر موبارەک و خێربەخش و پاک و بێ گەردە و هەر ئەو دەزانێت کەی قیامەت بەرپا دەبێت ، بۆ لای ئەویش دەبرێتەوە .

86. وَلَا يَمْلِكُ الَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِ الشَّفَاعَةَ إِلَّا مَن شَهِدَ بِالْحَقِّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ : (ئەوەش چاک بزانن) ئەو ڕۆژە ، ئەوانەی کە ئەوان دەیانپەرستن لە جیاتی خوا تکاو شەفاعەتیان بەدەست نیە ، مەگەر کەسێک کە شایەتی ڕاستی دابێت و بزانێت

کێ شایستەی تکا بۆ کردنە .

87. وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ فَأَنَّى يُؤْفَكُونَ : سوێند بەخوا ئەگەر لەو خوانەناسانە بپرسیت : کێ دروستی کردوون ، ئەوە بەدڵنیاییەوە دەڵێن (الله) : کەوابوو بەرەو چی و بەرەو کوێ لە ڕێبازی یەکخواناسی لادەدرێن و شوێنی ناحەقی دەکەون ؟!

88. وَقِيلِهِ يَارَبِّ إِنَّ هَؤُلَاء قَوْمٌ لَّا يُؤْمِنُونَ : سوێند بە گوفتاری پێغەمبەر کە وتی : پەروەردگارا ، بەراستی ئەمانە قەوم و هۆزێکن ، باوەڕ ناهێنن بیرناکەنەوە .

89. فَاصْفَحْ عَنْهُمْ وَقُلْ سَلَامٌ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ : دە تۆش ئەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەبەر ئەوە چاوپۆشیان لێ بکە و لێیان ببوورە ، سەلامیان لێ بکە و نەرم بە لەگەڵیان ، لە ئایندەدا دەزانن چییان بەسەر دێت و خۆیان دەبیننەوە ، یاخود تێدەگەن و باوەڕ دەهێنن .